# سووریای نوێ چاوی لە گەڕانەوە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 380 هەزار بەرمیل نەوتە

04-04-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** کێڵگە نەوتییەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان لە 16 ساڵی ڕابردوودا چەند دەستێکیان کردووە. دوایین جار لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی 2026 دا حکومەتی نوێی سووریا بە شەڕ و دواییش بە ڕێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات دا کۆی پیشەسازیی نەوت و گازی لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و، ئێستا کۆنترۆڵی 95٪ کردووە. کۆی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ئەم ساڵی سووریا 105 هەزار بەرمیل بووە، بەڵام بەهۆی هاتنی کۆمپانیاکانی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو و کۆمپانیا ئەمریکییەکان، حکومەتی نوێی کاتیی سووریا دەیەوێت ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە بەرزبکاتەوە بۆ 380 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێک دا.

**کێڵگە نەوتییەکانی سووریا و رۆژئاوای کوردستان لە 16 ساڵی رابردوودا چەند دەستێکیان کردووە. دوایین جار لە کۆتاییەکانی کانوونی دووەمی 2026 دا حکومەتی نوێی سووریا بە شەڕ و دواییش بە رێککەوتن لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات دا کۆی پیشەسازیی نەوت و گازی لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و، ئێستا کۆنترۆڵی 95٪ کردووە. کۆی بەرهەمهێنانی رۆژانەی ئەم ساڵی سووریا 105 هەزار بەرمیل بووە، بەڵام بەهۆی هاتنی کۆمپانیاکانی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو و کۆمپانیا ئەمریکییەکان، حکومەتی نوێی کاتیی سووریا دەیەوێت ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانە بەرزبکاتەوە بۆ 380 هەزار بەرمیل لە رۆژێک دا.**

ژێرخانی پیشەسازیی نەوت و گازی سووریای نوێ بەهۆی شەڕ و ململانێیەکانەوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە. بەشێوەیەک وەزارەتی نەوتی سووریا زیانەکان بە 91.5 ملیار دۆلار دەخەملێنێت تەنیا لە کەرتی نەوت دا و، نەتەوە یەکگرتووەکانیش زیانەکانی کەرتی نەوت و گازی سووریا بە 115 ملیار دۆلار خەمڵاندووە.

کێڵگە نەوتی و گازییەکانی سووریا و رۆژئاوای کوردستان دەکەونە پارێزگاکانی دێرەزوور، حومس و حەسەکە (رۆژئاوای کوردستان). کۆی کێڵگەکان 11 یە، کە 5 دانەی کێڵگەی نەوتی و 3 دانەی کێڵگەی گازی و 3دانەشی هاوبەشن (نەوت و گاز). کۆی یەدەگی سەلمێنراوی کێڵگە نەوتییەکان 2.5 ملیار بەرمیلە و بڕی یەدەگی گازی سروشتی لەنێوان 8.5 بۆ 9.5 تریلیۆن پێی سێجایە.

لە راستیدا، ژمارەکانی یەدەگی نەوت و گازی سووریا بە بەراورد بە دراوسێیەکانی  زۆر نییە و، بە وڵاتێکی بچووکی نەوتی دادەنرێت، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافی، هەبوونی ژێرخانی گواستنەوە و هەردوو بەندەری تەرتووس و بانیاس چانسێکی نوێیان بۆ سووریا دروستکردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەرێکی نوێی وزە لە ناوچەکەدا و کۆمپانیا بیانییەکان وەبەرهێنانی تێدا بکەن.

## هەڵبەز و دابەزی بەرهەمهێنانی نەوت لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان

ساڵانی پێش شەڕی نێوخۆ ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی سووریا 400 بۆ 380 هەزار بەرمیل بوو، داهاتەکەی 3 بۆ 3.4 ملیار دۆلار بوو. بۆ نموونە ساڵی 2008 رۆژانە کۆی بەرهەمهێنانی 400 هەزار بەرمیل بوو و داهاتەکەی 3.2 ملیار دۆلار بوو. لە دوای سەستپێبوونی راپەڕین و هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی سووریادا لە ساڵی 2011 دا ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی کەم بووەوە بۆ 350 هەزار بەرمیل و داهاتەکەی کەمبووەوە بۆ 1.8 ملیار دۆلار.

ساڵ دوای ساڵ بڕی بەرهەمهێنانی ساڵانەی نەوت و داهاتەکەی زۆر کەم بووەوە. ساڵی 2019 گەیشتە کەمترین بڕی ساڵانە کە تەنیا 20 هەزار بەرمیل نەوتە و داهاتەکەی کەم بووەوە بۆ 45 ملیۆن دۆلار.

ساڵێک دوای کەوتنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و لە 2025 دا جارێکی دیکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە سووریا بەرزبووەوە بۆ رۆژانە 115 هەزار بەرمیل و داهاتەکەی دەگاتە نزیکەی 450 ملیۆن دۆلار. لە مانگەکانی سەرەتای 2026 دا (کانوونی دووەم و شوبات ) ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانە نزیکەی 105 بۆ 110 هەزار بەرمیل بووە.

ئێستا بەپێی پێشبینییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت لە هەموو کێڵگە نەوتی و گازییەکانی سووریا دا، بەهۆی وەبەرهێنانی کۆمپانیا بیانییەکان، بەتایبەتیش ئەمریکایی و کەنداوییەکان چاوەڕواندەکرێت لە 2027 دا ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانە بگاتە  180 هەزار بەرمیل و ، تاوەکو 2030  بگەڕێتەوە ئاستی پێش ساڵانی شەڕی نێوخۆ کە رۆژانە 380 هەزار بەرمیل بوو.

**خشتەی1:  بەرهەمهێنانی نەوت لە سووریا و رۆژئاوای کوردستان 2008 بۆ 2030**

| ساڵ | بڕی بەرهەمهێنانی نەوت / هەزار بەرمیل ڕۆژانە | بڕی داهات / ملیۆن دۆلار |
|---|---|---|
| 2008 | 400,000 | $3,200 |
| 2009 | 385,000 | $3,000 |
| 2010 | 383,000 | $3,400 |
| 2011 | 353,000 | $1,800 |
| 2012 | 200,000 | $700 |
| 2013 | 100,000 | $300 |
| 2014 | 50,000 | $120 |
| 2015 | 40,000 | $90 |
| 2016 | 28,000 | $60 |
| 2017 | 25,000 | $55 |
| 2018 | 24,000 | $52 |
| 2019 | 20,000 | $45 |
| 2020 | 22,000 | $48 |
| 2021 | 35,000 | $80 |
| 2022 | 60,000 | $150 |
| 2023 | 80,000 | $200 |
| 2024 | 100,000 | $280 |
| 2025 | 115,000 | $450 |
| 2026 | 110,000 | $500 |
| 2027E | 180,000 | $900 |
| 2028E | 250,000 | $1,400 |
| 2029E | 320,000 | $2,200 |
| 2030E | 380,000 | $3,500 |

سەرچاوە: Ambassador Tom Barrack SPC Presentation March 2026 · EIA · iMMAP · BP Statistical Review

تێبینی، لەساڵی 2007 تاوەکو 2030 پێشبینی کراوە بەرهەمهێنان و داهاتی نەوت

## کێڵگەکانی سووریا و بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 380 هەزار بەرمیل نەوت لە 2030 دا

کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دێرەزوور هەریەکە لە کێڵگەکانی( نەوتی عومەر و تەنەک، کێڵگەی گازی کۆنۆکۆ و تی-2 ) لەخۆدەگرێت. ڕۆژانی پێش شەڕی نێوخۆیی سووریا ، ڕۆژانە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەم کێڵگانە 200 هەزار بەرمیل بوو. ساڵی 2025 ئاستی بەرهەمهێنانیان کەم بووەوە بۆ تەنیا 21 بۆ 22 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای حەسەکە (ڕۆژئاوای کوردستان) هەریەکە لە (کێڵگەی نەوتی و گازی ڕومێلان و سوەیدییە لەگەڵ کێڵگەی نەوتی کراتشووک) هەموویان پێکەوە لە ساڵانی پێش شەڕی نێوخۆ دا ڕۆژانە 110 هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا، ساڵی 2025 کۆی بەرهەمهێنانیان کەم بووەوە بۆ 50 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

پارێزگای حومس دوو کێڵگەی گازی لێیە، کە ئەوانیش (کێڵگەی ئەبورباح و ئاراک)ن و دەکەونە سەنتەری سووریا. ئەم کێڵگە گازییانە پێش شەڕی نێوخۆ ئاستی بەرهەمهێنانیان سفر بوو، بەڵام چاوەڕواندەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی گاز لەو دوو کێڵگەیەدا بگاتە سەروو 500 هەزار مەتر سێجای ڕۆژانە.

**خشتەی 2: بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی سووریای نوێ و تایملاینی گەڕانەوەی بەرهەمهێنان تاوەکو 2030**

| ناوی کێڵگەکان | پارێزگا | جۆری کێڵگە | کۆمپانیای سەرکاری پێش شەڕی نێوخۆ | کۆمپانیای سەرکار 2026 | پێش شەڕی نێوخۆ / هەزار بەرمیل ڕۆژانە | ئاستی بەرهەمهێنان 2025 / هەزار بەرمیل ڕۆژانە | ئامانجی بەرهەمهێنان لە داهاتوودا / هەزار بەرمیل ڕۆژانە | ژمارەی بیرەکان | ئایملاینی چاککردنەوە | تێچووی چاککردنەوە / ملیۆن دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عومەر | دێرەزوور | نەوت | کۆمپانیای نەوتی سووریا / شێل و فورات | کانوونی دووەمی 2026 / کۆمپانیای نەوتی سووریا | 80,000 | 20,000 | 40,000 | +900 | 2-4 ساڵ | 500$ |
| تەنەک | دێرەزوور | نەوت | کۆمپانیای نەوتی سووریا / [illegible] | کانوونی دووەمی 2026 / کۆمپانیای نەوتی سووریا | 40,000 | 1,000 | 20,000 | ~200 | 3-5 ساڵ | 350$ |
| کۆمەڵگەی گازی کۆنۆکۆ | دێرەزوور | گاز | کۆنۆکۆفیلیپس | کۆنۆکۆفیلیپس / [illegible] | 0 | 0 | M $m^3$/d13 | N/A | 2-3 ساڵ | 800$ |
| ڕومێلان | حەسەکە | نەوت / گاز | کۆمپانیای نەوتی سووریا | شوباتی 2026 / کۆمپانیای نەوتی سووریا | **50,000** | 30,000 | 60,000 | 1,322 | 3 ساڵ | 600$ |
| سوێدییە | حەسەکە | نەوت / گاز | کۆمپانیای نەوتی سووریا | شوباتی 2026 / کۆمپانیای نەوتی سووریا | **40,000** | 20,000 | 40,000 | ~300 | 3 ساڵ | 400$ |
| کراتشوک | حەسەکە | نەوت | کۆمپانیای نەوتی سووریا | کۆمپانیای نەوتی سووریا | **20,000** | 10,000 | 20,000 | ~150 | 2-3 ساڵ | 200$ |
| کێڵگەی دێرەزوور | دێرەزوور | نەوت | کۆمپانیای نەوتی دێرزوور | کۆمپانیای نەوتی سووریا | 80,000 | 8,000 | 40,000 | ~400 | 3-4 ساڵ | 450$ |
| ئەبوڕباح | حمص | گاز | دانەگاز | دانەگاز | 0 | 0 | TBD | دیار نییە | 2 ساڵ | 300$ |
| گازی ئاراک | حمص | گاز | کۆمپانیای نەوتی سووریا / ستروترانزگاز | کۆمپانیای نەوتی سووریا | 0 | K $m^3$/d300 | K $m^3$/d500 | 5 | 1-2 ساڵ | 80$ |
| دەریای مێدیتریان | مێدیتریان | نەوت / گاز | هیچ / گەڕان نەکراوە | کۆمپانیای شێڤرۆن - پاوەری [illegible] و کۆمپانیای نەوتی سووریا | 0 | 0 | لە 2030 | 0 | 5-7 ساڵ | 5,000$ |
| گازی بکوور | رطە | گاز | کۆمپانیای نەوتی سووریا | کۆمپانیای نەوتی سووریا | M $m^3$/d3.2 | M $m^3$/d1 | M $m^3$/d3.2 | دیار نییە | 2-3 ساڵ | 400$ |

سەرچاوە: Ambassador Tom Barrack SPC Presentation March 2026 · EIA · iMMAP · BP Statistical Review

## وەبەرهێنانی 12.5 ملیار دۆلار لە کەرتی نەوت و گازی سووریا دا

کەوتنی بەشار ئەسەد و هاتنی ئەحمەد شەرع جارێکی دیکە فۆکووسی گەورە کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت و گازی بۆ سووریای نوێ ڕاکێشا، چونکە ئەگەر سووریا سەقامگیربێ ئەوا دەرفەتێکی گەورە بۆ کۆمپانیا نەوتی و گازییەکان دروست دەبێت.

کۆمپانیاکانی کەنداو ئەمریکاییەکان ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ حکومەتی نوێی سووریا بۆ وەبەرهێنانیان و بنیاتنانەوەی کەرتی وزەیان واژۆکردوون. کۆمپانیا ئەورووپاییەکانیش لە قۆناخی گفتوگۆی کۆتاییدان بۆ بەشداریکردن لەو ڕەوتەی رووی لە وەبەرهێنانی نەوت و گازی سووریای نوێ کردووە.

بۆ نموونە هەردوو گەورە کۆمپانیای شێڤرۆن و کۆنۆکۆفلیپسی ئەمریکی گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنامە واژۆکردن، کە ئەوەی شیڤرۆن بۆ بەرهەمهێنانی گاز لە دەریادایە و یەکەم جارە لە سووریا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت. هەروەها، گەورە کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی تەکنەلۆژیا و بەڕێوەبردنی کێڵگەی نەوتی وەکو هالبیرتۆن و باکەر هیوزی ئەمریکی ئەگەر هەیە بگەڕێنەوە بۆ کێڵگەکانی سووریا.

ئەو گرێبەستانەی تاوەکو ئێستا کراون لەلایەن سعودیەوە بوونە، کە هەردوو کۆمپانیای تاقەی سعودیە و گرووپی ADESن بۆ خزمەتگوزاری کێڵگەکان و بەرهەمهێنانی گاز بۆ کارەبا. دانەگازی ئیماراتیش لێکتێگەیشتنامەی واژۆکردووە، ئەویش بۆ بەرهەمهێنانی گاز.

لە وڵاتانی ئەورووپاوە، گەورە کۆمپانیاکانی وەکو تۆتاڵی فەرەنسی، ئینی ئیتاڵی و گەڵف ساندی بەریتانی لە قۆناخی گفتوگۆی کۆتاییدان بۆ بەشداریکردن لە ڕەوتی وەبەرهێنان لە ژێرخانی وزەی سووریا دا. بە پێچەوانەی ئەمریکی و خەلیجییەکانەوە، گەورە کۆمپانیای شێڵی هۆڵەندی و ستروترانزگازی رووسی ڕێککەوتنیان کردووە بۆ بەجێهێشتنی سووریا.

گەورەترین بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهینان لە پیشەسازی نەوت و گاز سووریای نوێ، لەلایەن کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمەریکییەوە دەکرێت کە بڕەکەی 2 ملیار دۆلارە. کۆی ئەو پارەیەی بڕیارە وەکو وەبەرهێنان لە ڕێگەی ئەم کۆمپانیانەوە روو لە سووریای نوێ بکات دەگاتە سەرووی 12.5 ملیار دۆلار تاوەکو 2030. کە ئەمەش بەشدارییەکی بەرچاوە لە بووژاندنەوەی ئابووری سووریا دا.

**خشتەی 3: وەبەرهێنانی تازەی کۆمپانیا بیانییەکان لە کەرتی نەوت و گازی سووریا دا**

| کۆمپانیا | وڵات | سێکتەر | ئاستی وەبەرهێنان | بڕی وەبەرهێنان / ملیۆن دۆلار | تایملاینی کارەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| شیڤرۆن | ئەمریکا | کێڵگەی نەوتی / دەریا | لێکتێگەیشتن واژۆکراوە | 2,000$ | قۆناخی گەڕان 2027-2026 و بەرهەمهێنانی گاز 2030 |
| کۆنۆکۆفلیپس | ئەمریکا | پرۆسێسی گاز | لێکتێگەیشتن واژۆکراوە | 800$ | لە 12 مانگ بەرهەمهێنانی 4-5 ملیۆن مەتر سێجا ڕۆژانە |
| SLB | ئەمریکا/ نێودەوڵەتی | خزمەتگوزاری کێڵگەی نەوتی | دووبارە گەڕانەوە | 300$ | 2027-2026 |
| هالیبرتۆن | | خزمەتگوزاری کێڵگەی نەوتی | پێش شەڕ کارا بووە | 200$ | 2028-2026 |
| بەیکەر هیوز | ئەمریکا | خزمەتگوزاری کێڵگەی نەوتی | دووبارە گەڕانەوە | 150$ | 2029-2026 |
| تاقەی سعودیە | سعودیە | خزمەتگوزاری کێڵگەی نەوتی | ڕێککەوتن واژۆکراوە | 400$ | شەش مانگی یەکەمی 2026 |
| گرووپی ADES | سعودیە | کارەبا / گاز | ڕێککەوتن واژۆکراوە | 300$ | 2026 |
| دانەگاز | ئیمارات | هەڵکۆڵینی بیر | لێکتێگەیشتن واژۆکراوە | 300$ | 2027-2025 |
| هۆڵدینی UCC | قەتەر | کێڵگەی گاز | ڕاگەیاندنی هاوبەشی | 7,000$ | 2028-2026 |
| سۆکار ئازەری | ئازەربایجان | کارەبا / گاز | لە ئاب 2025 دەستبەکاربوون | 100$ | کارکراوە |
| شێل (رۆیاڵ دەچ) | هۆڵەندا - بەریتانیا | کێڵگەی نەوتی | بەجێهێشتن | 0$ | جێهێشتن لە ئەمساڵدا |
| تۆتاڵ ئینرجی | فەرەنسا | کێڵگەی نەوتی | گفتوگۆی باڵا | 500$ | لە 2026دا دیاریدەکرێت |
| ئینی | ئیتاڵیا | کێڵگەی نەوتی | گفتوگۆی باڵا | 300$ | لە 2026دا دیاریدەکرێت |
| گەلف ساند پێترۆلیۆم | بەریتانیا | کێڵگەی نەوتی | گفتوگۆی باڵا | 150$ | لە 2026دا دیاریدەکرێت |
| سترۆیترانزگاز | ڕووسیا | بیناسازی و بنیاتنان | بەجێهێشتن | 0$ | جێگرەوەی دیاریکراوە لەلایەن ویسترن گەلفەوە |

سەرچاوە: Ambassador Tom Barrack SPC Presentation March 2026 · EIA · iMMAP · BP Statistical Review

## ئەندازیاری پشت بووژاندنەوەی ژێرخانی نەوت و گازی سووریا

بڕی ئەو وەبەرهێنانە تازەیەی لە کەرتی نەوت و گازی سووریادا دەکرێت بۆ گەڕانەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ 380 هەزار بەرمیل نەوت و بەرهەمهێنانی 600 ملیار پێی سێجا گازی سرووشتی لە 2030 دا بەندە بە مەرجی هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان و، سفر بوونەوەی سەرهەڵدانی مەترسیە نێوخۆیی و دەرەکییەکان، پێدانی گرێبەستی هاوبەشیکردن لە بەرهەمێنان PSA ، پابەندبوونی سووریا بە دادگەی نێوبژیوانیی نێودەوڵەتی، وەک دادگەی نێوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس یان لەندەن.

هەموو ئەمانەش بەدیبێن، بەڵام مەترسیەکانی وەکو پێکدادانی نێوخۆیی، سەرهەڵدانەوەی داعش و نەسازان لەگەڵ دراوسێیەکان دا، هەموو ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتننامانە بۆ وەبەرهێنان دەکاتە مەرەکەبی سەر کاخەز و سووریا جارێکی دیکە دەگەڕێنێتەوە دواوە لەڕووی بەرهەمهێنانی نەوت و گازەوە.

لەکۆتاییدا، گەڕانەوەی گەورە کۆمپانیاکانی بواری وزە بۆ سووریای نوێ بەهۆی ئەمریکاوەیە، چونکە سزاکانی لەسەر هەڵگیراوە و دامەزراوەکانی ئەمریکا وەکو وەزارەتی گەنجینە و وزەی ئەمریکا پاڵپشت و هاوکاری دەکەن بۆ هەستانەوە لەڕووی ژێرخانی وزە وەکو لە پرێزەنتەیشنەکەی تۆم باراک، باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا و نێردەی ئەمریکا بۆ سووریا لە ئەتلانیک کاونسڵ لە واشنتن پێشکێشیکرد.

هەروەها کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ سووریا لە 28ی شوباتی 2026 دا لە بانکی یەدەگی فیدراڵیی نیویۆرک FBRNY هاوشێوەی عێراق لە 2004 دا ، دەرخەری کۆی وێنە گەورەکەیە بۆ بە سەنتەرکردنی سووریای نوێ بۆ گواستنەوەی وزە و بووژاندنەوەی ژێرخانی وزەکەی بە پشتیوانی ئەمریکا لە ساڵانی داهاتوودا.